## مامۆستا بورهان محمد ئەمین

ناوی (بورهان محمەد ئەمین عەبدولکەریم)ە، سەر بە تیرەی نەوڕۆڵییە لە هۆزی جاف، ساڵی (١٩٤٨ز) لە گەڕەکی (ڕزگاری) لە پاریزگای سلێمانی لەدایکبووە.

بەو پێیەی باوکی زانایەکی بەناوبانگی شاری سلێمانی بووە دەستیکردووە بە خوێندنی ئەلف و بێ لە خزمەتیدا.

ساڵی (١٩٥٥ز) خراوەتە خوێندنگەی کانی ئاسکانی سەرەتایی، پاش تەواوکردنی قۆناغی سەرەتایی ساڵی (١٩٦١ز) خراوەتە خوێندنگەی ناوەندی جومهوریە، ساڵی (١٩٦٤ز) لە"دار المعلمين"ی سلێمانی وەردەگیرێت و ساڵی (١٩٦٧ز) تەخەروج دەکات، پاشان دادەمەزرێت بە مامۆستا لە گوندی قامیش سەر بە قەزای شەهربازار لە پارێزگای سلێمانی.

ساڵی (١٩٧١ز) دەگوێزرێتەوە بۆ ناحیەی خورماڵ سەر بە قەزای هەڵبجە، بەردەوام دەبێت لە کارەکەی تا ساڵی (١٩٧٩ز).

بەهۆی چەند هۆکارێکی سیاسیەوە ڕوو دەکاتە وڵاتی ئێران و لەوێ دەمێنێتەوە بۆماوەی پێنج ساڵ، لەو کاتەشدا بەخزمەت هەریەك لە (کاك[1] ئەحمدی موفتی زادە) و مەلا (ناصری سوبحانی) دەگات.

لەئێران بەژداری دەکات لە رادیۆی تەهران بە پێشکەش کردنی دوو بەرنامە بە ناوەکانی: (داستانی پێغەمبەران لەڕوانگەی قورئانەوە)، و(ناودارانی ئیسلام).

ساڵی (١٩٨٤م) دەگەڕێتەوە بۆ کوردستانی عێراق وە دەستبەکاردەبێت وەك بانگخواز و بەتایبەت بانگەوازیکردن لەڕێگەی خوادا و بە شێوەیەکی میانرەوانە.

گرنگییەکی زۆری داوە بە پەروەردە و فێرکردن لە مزگەوتەکاندا، قورئان و زۆربەی کتێبە شەرعیەکانی وتووەتەوە بە قوتابیان و بە وتار و ئامۆژگاری بەشداری سەدان بۆنەی ئاینی کردووە و زۆرێك لە چین و توێژە جیاوازەکان سودمەند بوون لێی لەم بوارەدا.

لە کۆتایی نەوەکانی سەدەی رابردوودا ڕوودەکاتە نوسین دەربارەی تەفسیری قورئانی پیرۆز، ئێستاکەش بەردەوامە لە نوسین و وەرگێڕان بەتایبەت لەم بوارەدا.

---

[1] زاراوەی (کاك) یان (کاکە) لەلای بەشێك لەکورد بۆ برا گەورە بەکاردەهێنرێت وە ك ڕێزێك و بەگەورە سەیرکردنێك، وە بۆ جگە لە براش بەکار دەهێنرێت بۆ ڕێزو خۆشویستن.

**دانراوەکانی.**

١- (**تەفسیری ئاسان**): بریتییە لە لەتەفسیری قورئانی پیرۆز بەزمانی کوردی سۆرانی، بەشیوەیەکی پوخت بەجۆرێك هەر لاپەرەیەکی قورئان بەرامبەر بە لاپەرەیەك لەتەفسیرەکەیەتی[٢].

٢- (**تەفسیری ڕۆشن**): بریتییە لە لەتەفسیری قورئانی پیرۆز بەرونکردنەوەی زیاتر لە تەفسیری پێشوو[٣].

٣- (**لەسایەی ناوە پیرۆزەکاندا**): بریتییە لەرونکردنەوەی ناوەپیرۆزەکانی خوای گەورە[٤].

٤- (**تۆ کێیت؟ لەکوێوە هاتویت؟ بۆکوێ دەچیت؟**) لێکۆڵینەوەیەکە دەربارەی ژیانی ناو گۆڕ و قیامەت بەهاوبەشی لەگەڵ ئەحمەد رەشید ماوەتی نووسیویەتی[٥].

٥- (**کورتەیەك لە ژیاننامەی پیشەوای شەهید -حسن البنا-**)[٦].

٦- (**بەهەشت و دۆزەخ لە ڕوانگەی قورئان و فەرموودەدا**)[٧].

**وەرگێرانەکانی بۆ سەر زمانی کوردی.**

٧- بەکوردیکردنی: (في ظلال القرآن)، نوسینی: سەید قوتب[٨].

٨- بەکوردیکردنی: (خواطر قرآنية) نووسینی: عەمرو خالد، بەهاوبەشی لەگەڵ مامۆستا عوسمان محەمەد رەشید، بەناونیشانی: (**رازی قورئانی**)[٩].

٩- بەکوردیکردنی: (خواطر في محراب القلم) نووسینی: شێخ عابدین رەشید، بەناونیشانی: (**لەمیحرابی خامەوە**)[١٠].

١٠- بەکوردیکردنی: (أمجد الزهاوي) نووسینی: کازم مەشاییخ، بەناونیشانی: (**کورتەیەك لەژیاننامەی ئەمجەد زەهاوی**)[١١].

---

[٢] چاپکراوە، چاپی بیست و شەش: ١٢١٠ لاپەڕە، **نشر إحسان**، تەهران/ئێران ٢٠١٦ز.

[٣] چاپکراوە، چاپی دووەم: ٩٦٠ لاپەڕە، سارا، سلێمانی/عێراق ٢٠١٢ز.

[٤] چاپکراوە، چاپی سێیەم: سارا، سلێمانی/عێراق ٢٠٠٦ز.

[٥] چاپکراوە، چاپی یەکەم: ٨٠ لاپەڕە، پەیڤ، سلێمانی/عێراق ٢٠١٥ز.

[٦] چاپکراوە، چاپی یەکەم: ٦٧ لاپەڕە، پەیڤ، سلێمانی/عێراق ١٩٩٩ز.

[٧] چاپکراوە، چاپی یەکەم: پەیڤ، سلێمانی/عێراق ٢٠٠٩ز.

[٨] چاپکراوە، چاپی یەکەم: حەوت بەرگ، هەر بەرگێك لە ٥٠٠ لاپەڕە زیاترە، ساڵی ٢٠١٩ز.

[٩] چاپکراوە، چاپی دووەم: ٤٤٦ لاپەڕە، ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا، سلێمانی/عێراق ٢٠٠٩ز.

[١٠] چاپکراوە، چاپی سێیەم: پەیڤ، سلێمانی/عێراق ٢٠٠١ز.

[١١] چاپکراوە، چاپی یەکەم: ٦٧ لاپەڕە، جیهاد سازەندگی، تەهران/ئێران ١٩٨٠ز.

١١- بەکوردیکردنی: (الدعوة إلى السنة في تطبيقه)، نووسینی: عەبدوڵڵا زەیفوڵڵا ڕوحەیلی، بەناونیشانی (**بانگەوازێك بۆ پیادەکردنی سوننەت بەجوانترین شێوە**)، بەهاوبەشی لەگەڵ ماموستا محەمەد عەبدولڕەحیم وەرییانگێڕاوە[12].

١٢- (**گوڵبژێرێك لەگوڵزاری "ظلال"وە**): بریتییە لە هەڵبژاردنی تەفسیری چەند سورەتێك لە کتێبی"في ظلال القرآن"ەوە، نوسینی: سەید قوتب[13].

١٣- (**تەفسیري جوزئي عمّ "في ظلال القرآن"**)[14].

١٤- (**تەفسیری جزء تبارك "في ظلال القرآن"**)[15].

١٥- (**تەفسیری جزء الذاريات لە"في ظلال القرآن"ەوە**)[16].

١٦- (**تەفسیری سورەتی يس و واقعة لەڕوانگەی "في ظلال القرآن"ەوە**)[17].

١٧- (**تەفسیری سورەتی سبأ هەتا جاثية لەڕوانگەی "في ظلال القرآن"ەوە**)[18].

١٨- (**تەفسیری سورەتی فورقان هەتا الأحزاب لەڕوانگەی "في ظلال القرآن"ەوە**)[19].

١٩- **یەکێك بووە لە ئەندامانی لیژنەی بە کوردیکردنی صەحیحی بوخاری و موسلیم.**

**سەرچاوە:**

١. **چاوپێکەوتن لەگەڵ ماموستا (بورهان محەمەد ئەمین) لە بەشی بانگەوازی سەر بە حیزبی یەکگرتووی ئیسلامی، لەگەرەکی ماموستایان، لە پارێزگای سلێمانی/هەرێمی کوردستانی عێراق، لەم ڕێکەوتانەدا:**
**ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی (١٢/١٢/٢٠١٦ز) کاتژمێر دەی بەیانی.**
**ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی (٧/٢/٢٠١٧ز) کاتژمێر دەی بەیانی.**

٢. **نامەیەکی تایبەت لەلایەن ناسێنراوەوە بە پێنوسی خۆی، گەیشت بە دەستم، یەك شەممە ڕێکەوتی (٢٧/١١/٢٠١٦ز)، پارێزراوە لە ئەرشیفدا.**

**ئامادەکردن: احسان ابراهیم.**

---

[12] چاپکراوە، چاپی یەکەم: ٢٢١ لاپەڕە، پەیڤ، سلێمانی/عێراق ٢٠١٣ز.

[13] چاپکراوە، چاپی یەکەم: ڕێ نوێ، سلێمانی/عێراق ٢٠١٤ز.

[14] چاپکراوە، چاپی یەکەم: ڕێ نوێ، سلێمانی/عێراق ٢٠١٥ز.

[15] چاپکراوە، چاپی یەکەم: ڕێ نوێ، سلێمانی/عێراق ٢٠١٥ز.

[16] چاپکراوە، چاپی یەکەم: ڕێ نوێ، سلێمانی/عێراق ٢٠١٦ز.

[17] چاپکراوە، چاپی یەکەم: پەیڤ، سلێمانی/عێراق ٢٠١١ز.

[18] چاپکراوە، چاپی یەکەم: ڕێ نوێ، سلێمانی/عێراق ٢٠١٧ز.

[19] ئامادەیە بۆ چاپ.